# شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی ( مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان )دا

**محەمەد عوسمان محەمەد[۱]، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا [۲]**
[۱،۲] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: muhammadothman83@gmail.com

## ملخص :

الشاعر ملا عبدالله أحمديان أحد العلماء المبدعين في النصف الثاني من القرن العشرين, تخرج من مدارس الدينية. وأحد الشعراء المشهورين أمثال ( الجزيري , مولوى , محوى ) من الكلاسيكيين, إلا أن شعره يتميز عن شعر باقي الشعراء المذكورين من الناحية الشكلية والموسيقية و اللغة و الأسلوب. ما ينعكس واقعه الحديث. لاشك أن الشعر يجد شعريته من خلال الفنون البلاغية, وهذا ما نجده في شعر شاعرنا بوضوح. فهذا البحث يخص شعريته البلاغة في قصائد ملا عبدالله أحمديان.

الكلمات المفتاحية: تتضمن الفنون البلاغية ( المعاني والبيان و البديع )

وقد توصل البحث إلى نتائج عدة منها :

١. تتجسد الشعرية في قصائد الملا عبدالله أحمديان بشكل في خلال أستخدام الفنون البلاغية كما اتضح.

٢. أطلق الشاعر عنان خياله في ميدان الفنون البلاغية ( المعاني والبيان والبديع ).

٣. تتحلى قصائد الملا عبدالله أحمديان بمتعة وجمال باستخدام كل هذه الفنون البلاغية.

**کلیلە وشەکان: شیعرییەت, هونەرەکانی ڕەوانبێژی ( واتاناسی , ڕوونبێژی , جوانکاری )**


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٢/١٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | muhammadothman83@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ محەمەد عوسمان محەمەد، پ. ی. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

The poet Mulla Abdullah Ahmadian is one of the creative scholars in the second half of the twentieth century, graduated from religious schools. He is one of the famous poets who is similar to (Jaziri, Mawlawi, and Mahwi) from the classics, but his poetry is distinguished from the poetry of the other poets mentioned in terms of form, music, language and style. Reflected fact of the conversation. There is no doubt that poetry found its way through the rhetorical arts, and this is what we clearly find in the poetry of our poet. This research concerns his poetry and eloquence in the poems of Mulla Abdullah Ahmadian,

and the keywords include the rhetorical arts (meanings, statement, and badi)

and the research has reached several results.

1. Poetry is embodied in the poems of Mulla Abdullah Ahmadian through the use of rhetorical arts, as it turned out.
2. The poet unleashed his imagination in the field of rhetorical arts (meanings, statement, and aesthetic).
3. Using all these rhetorical arts, the poems of Mulla Abdullah Ahmadian are enjoyable and beautiful.


## پێشەکی :

چەمکی شیعرییەت بریتییە لەو ڕواڵەتە گرنگانەی دەبنە هۆی دروست بوونی دەقێکی بەهێز لەنێو ئەدەبدا. لە سەردەمی یۆنانی کۆن و لە ئیستاشدا لە لایەن نووسەرانی جیهانی و ئەوڕوپی و نووسەرانی کورد و عەرەبەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت. هونەرەکانی ڕەوانبێژیش یەکێکن لەو هونەرانەی لە نێو شیعردا شیعرییەت بەرهەم دێنن. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان )ە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە بتوانین لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە شیعرییەتی هەندێ لە شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان بخەینە بەردەست. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە, کە ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروست بوونی شیعرییەت و جوانکردنی دەقی شیعری.

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی شیکاری بەلاغییە, خزمەت بە ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. ئەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە بارەی شیعرییەتەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر. لە تەوەری یەکەمدا باسی چەمک و پێناسەی شیعرییەت کراوە, لە تەوەری دووەمیشدا باسی شیعرییەتی ڕەوانبێژی کراوە. بەشی دووەمیش ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدیانە دابەش بووە بۆ سێ تەوەر. تەوەری یەکەم تایبەتە بە واتاناسی. تەوەری دووەم تایبەتە بە ڕوونبێژی لە تەوەری سێیەمیشدا باسی جوانکاری کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە سێ خاڵی گرنگ ڕوون کراوەتەوە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی یەکەم : لەبارەی شیعرییەتەوە. ( شیعرییەتی دەقی شیعری )

## تەوەری یەکەم : چەمک و پێناسەی شیعرییەت.

چەمکی شیعرییەت لە کۆن و نوێدا گەلێک پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوەو ماناو مەبەستەکەی ڕوون کراوەتەوە, هەر یەکێک لەو نووسەرانە بیرو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە وشەی شیعرییەت دەربڕیوە. وشەی شیعرییەت لە سەردەمی کۆندا لە لای یۆنانییەکان بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەرستۆوە بەکار هاتووە, لە کتێبەکەی خۆی بەناوی ( هونەری شیعر ) ئاماژەی پێ کردووە. ئەرەستۆ لە بابەتی شیکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەب ( داستان و دراما )دا ویستوویەتی یاساکانی داهێنانی ئەدەب دەربخات, کە (( لەلایەکەوە لە ئاستێکی بە دوایەکدا هاتوو شیانی کردووەتەوە و لە لایەکی ترەوە بە جیاجیا لێی کۆڵیونەتەوە, لە بابەتی درامادا تەنیا باسی تراژیدیای کردووەو ئەو بەشەی تایبەتە بە کۆمیدیا دیار نییەو یان هەر نەبووە.)) ( طودوروف, ١٩٩٠, ل١٢ ) واتە لێرەدا ئەرستۆ هەوڵی داوە لە بابەتە ئەدەبییەکان بکۆڵێتەوەو دەست نیشانیان بکات.

ئەرستۆ چەمکی شیعرییەتی لە داهێناندا چڕ کردووەتەوە, باسی ئەوە دەکات کە زمانی شاعیران و نووسەران بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و سیمای تایبەت بێت و جیاواز بێت لەگەڵ زمانی ئاسایی و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک, لە ئەنجامی ئەم جیاوازی زمانەدا شیعرییەت دروست دەبێت. هەروەها ئەرستۆ زۆر گرنگی بە ئاوازو مۆسیقا دەدات بۆ بەرهەم هێنانی شیعرییەت (( ئەرستۆ وای دەبینێت کە شیعرییەت لە دەقدا ئەوکاتە دێتە دی, کە بتوانێ کێش و ئاواز بەیەکەوە کۆ بکاتەوە, کە پەیوەستن بە مۆسیقاوە. )) ( سامی, ٢٠٠٥, ل٢٥ ) واتە کێش و ئاواز و مۆسیقا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە دەقی ئەدەبیدا, کە ئەمە گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە ئەدەبی کۆنی یۆنانی و بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی شیعرییەت دانراوە. بە هۆی ئاوازو مۆسیقاوە شیعرییەتی دەق بەهێزتر دەبێت و زمانی دەق لە زمانی ئاسایی خەڵک جیاواز دەبێت.

( حەسەن بەنا )ش لە بارەی شیعرییەتەوە دەڵێت: (( وشەی شیعرییەت لە کۆندا دراوەتە پاڵ ئەرستۆ, کە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی هونەری شیعر باسکراوە, هەر لە ناونیشانی کتێبەکەیدا هەمان مانای شیعرییەت هەڵدەگرێ لە ئینگلیزیدا, بەڵام لە سەدەی بیستەم دوو ناوی گرنگ پێکەوە دەهێنرێن, ئەوانیش بریتین لە یاکۆبسن و تۆدۆرۆف. ئەو وشەیەش بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی بە واتای [دروستکردن]. )) ( عزالدین, ٢٠٠٣, ل٢٧ ) بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە, کە بۆ یەکەمین جار ئەرستۆ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوەو خستوویەتییە ناو ئەدەبەوە. پاش ئەوگەلێ نووسەری تر لە سەردەمی نوێدا بە شێوازی جیاواز بەکاریان هێناوە.

( ڕۆمان یاکۆبسن ) یەکێکە لە نووسەرە نوێیەکانی سەردەم, دەربارەی شیعرییەت بە شێوەیەک دەدوێت زیاتر بەلای زمانەوانییەوەی دەبات و بە بەشێکی گرنگی زمانەوانی دادەنێت و دەڵێت: (( شیعرییەت گرنگی بە بنیاتی زمانی دەدات, بە تەواوەتی وەک چۆن نیگارکێشی گرنگی بە بنیاتی وێنە دەدات, لەبەر ئەوە زمانناسی ئەو زانستە گشتگیرەیە, کە گرنگی بە بنیاتەکانی زمان دەدات. دەتوانین شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانناسی دابنێین. )) ( ١٩٨١, ل٢٤ ) لەبەر ئەوە یاکۆبسن گرنگییەکی تەواو بە زمان دەدات و زمان بە بەشێکی سەرەکی و گرنگ دەزانێت بۆ داهێنانی شیعرییەت, چونکە بە بۆچوونی ئەو شیعرییەت پەیوەندییەکی پتەوی بە زمانناسییەوە هەیەو بە بەشێکی دانەبڕاوی دادەنێت و وای دادەنێت بە بێ زمان شیعرییەت دروست نابێت. هەروەها ( یاکۆبسن ) پێشتر (( بیردۆزی شیعرییەتەکەی لەسەر دوو تەوەر بەرجەستە کردووە ئەوانیش هەڵبژاردنە لە ئاستی ( ستوونی ) و دانانە لە ئاستی ( ئاسۆیی )دا. )) ( قادر, ٢٠١٤, ل٢٧ ) بەمانای ئەوەی هەندێ جار شیعرییەت و دروست بوونی لادان لەسەر یەکێک لەو دوو ئاستەدا بەرهەم دێت.

( حەسەن بەنا ) دەربارەی یاکۆبسن و پەیوەندی بەزمانەوانییەوە دەڵێت: (( وتاری یاکۆبسن, کە بە ناونیشانی ( زمانەوانی و شیعرییەت ) نووسیویەتی بۆ ئەوەی بۆچوونێکی تەواوەتی پێشکەش بکات سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ( شیعرییەت و زمانەوانی ), هەروەها وای دادەنێت کە شیعرییەت بەشێکە لە زمانەوانی و لێی جیانابێتەوە. )) ( عزالدین, ٢٠٠٣, ل٣٢ ), بەڵام (( چەمکی تۆدۆرف بۆ شیعرییەت جەخت دەکاتەوە لەسەر بنەمای تەواوەتی لە گوتاری ئەدەبیدا, هەر ڕوونکردنەوەیەک لە جەوهەرو ناوەڕۆکی ئەدەب زیاتر لە ڕوونکردنەوەی

مەغزای دەقە ئەدەبییەکان. ئەویش لەمەدا جیاوازە لەگەڵ یاکۆبسن. ))( عزالدين, ٢٠٠٣, ل٤٣ )

تۆدۆرۆف چەمکی شیعرییەتی لە مەبەستێکی تەسکەوە گۆڕی بۆ بوارێکی فراوانتر, کە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان لەخۆ بگرێت, نەک بە تەنیا لە شیعردا قەتیس بمێنێت, تاکو بە تەواوەتی گشتگیر بێت. تۆدۆرۆف دەربارەی چەمکی شیعرییەت دەڵێت: (( پێمان وایە, کە ناوی شیعرییەت بەسەر چەمکی ئەدەبیەت دا دەبڕێت, ئەگەر بە گەڕانەوە بۆ واتای داڕشتنی وەرمان گرت. واتە ناوێکە بۆ هەموو شتێک کە پەیوەندی هەبێت بە داهێنانی کتێب, یان دانانی. لە کاتێکدا زمان لە یەک ساتدا جەوهەرو هۆکارە, نەک بە گەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە تەسکەی کە کۆمەڵێک بنەماو یاسای ئیستاتیکی پەیوەستدا بە شیعر دەگەیەنێ. )) (طودوروف, ١٩٩٠, ل٢٣ )

لەبەر ئەوە تۆدۆرۆف چەمکی شیعرییەتی گۆڕی بەوەی تەنیا لە شیعردا خۆی نەبینێتەوە, بەڵکو ژانرەکانی تری ئەدەبیش بگرێتەوە, چونکە ژانرەکانی تری ئەدەبیش, ئەگەر بێت و نووسەر بە زمانێکی ئەدەبییانەو بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی جوان و ڕەوانبێژییەکی پوخت بەکار بێت, ئەوا جۆرێک لە شیعرییەت دەقەکە دەبەخشێت. لەبەر ئەوە بە بڕوای تۆدۆرۆف شیعرییەت تەنیا تایبەت ناکرێت بە شیعر, ( یاکۆبسن ) کاتێک وشەی ئەدەبییەتی دانا لە جیاتی وشەی شیعرییەت بۆ ئەوەی لەو هەڵەیە دەرباز بن, کە هەندێ کەس تێی کەوتبوون و وایان دەزانی شیعرییەت تەنیا تایبەتە بە شیعر, بەڵام یاکۆبسن وشەی ئەدەبییەتی پێ گونجاو تر بوو بۆ ئەوەی بوارەکانی تری ئەدەب بگرێتەوە, لەمەشدا ئەو هەڵە تێگەیشتنەی نەهێشت, بەڵام تۆدۆرۆف جەختی دەکردەوە کە چەمکی شیعرییەت بۆ ژانرەکانی تری ئەدەبیش بەکاردێت. هەروەها تۆدۆرۆف دەڵێت: (( بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە, بەڵکو ئەوە ئەدەبییەتە. )) ( الرواشدة, ١٩٩٩, ل٨ )

( تاهیر ئاهەنگەری) بۆچوونێکی تۆدۆرۆفی لە گۆڤاری سروە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەم شێوەیە باسی شیعرییەت دەکات و بە ( بوتیقا ) ناوی دەبات و دەڵێت: (( سەرهەڵدانی بوتیقا جارێکی تر پرسیاری لێ براوی بەهای دەق هێنا ئاراوە. هەرکات بمانەوێ بە ئیلهام لە بابەتەکانی بوتیقا بنەمای دەقێک بە وردی وەسف بکەین, لەگەڵ هەمان بێ باوەڕی بەرەو ڕوو ئەبین کە نیسبەت بە ئیمکانی وەسفی جوانی بوونی هەیە. بۆ وێنە بنەمای دەستووری, یا سازمانی دەنگی ( آوایی ), شیعر وەسف ئەکەین. )) (١٣٨٠, ل١٢ )

( جان کۆهین ) یەکێکی ترە لە نووسەرە نوێیەکان و دەربارەی شیعرییەت بەم شێوەیە قسە دەکات و دەڵێت: (( شیعرییەت سنووری شێوازییە, کە گریمانە دەکات زمانێکی شیعری هەیە, ئینجا شیعرییەت لە تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی ئەو زمانە دەکۆڵێتەوە. )) (٢٠٠٠, ل٣٠ ) لێرەدا جان کۆهین وەکو یاکۆبسن شیعرییەت دەبەستێتەوە بە زمان و پەیوەستی دەکات بە بابەتی شێواز. جان کوهین گرنگییەکی تەواو بە لادان دەدات و تیۆرییەکەی بە ناوی تیۆری لادان ناسراوە. ئەو تایبەتمەندییانەی زمان دەخاتە ڕوو, کە شیعرییەت بەرهەم دێنن. لە شوێنێکی تر دەڵێت: (( شیعرییەت زانستەو بابەتەکەشی شیعرە.)) ( ١٩٨٦, ل٩ ) جان کۆهین پێی وایە شیعرییەت زانستێکە وەکو زانستەکانی تر, بەڵام بابەتی زانستییەکەی جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر, بابەتی زانستی شیعرییەت بریتییە لە شیعر, واتە شیعر دەکرێتە پێوەر بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی دەقی ئەدەبی.

دوکتۆرە ( سافییە محەمەد ) لە توێژینەوەیەکی زانستیدا لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر لە زانکۆی کۆیە پێشکەشی کردووە دەڵێت: (( ئەگەر ئەرستۆ ئاماژەی بەوە کردبێت, کە زمانی نووسینی ئەدەب دەبێت جیاواز بێت لە زمانی ڕۆژانەو لەم سۆنگەیەوە تیۆری داهێنانەکەی خستبێتە ڕوو, ئەوا جان کۆهین شیعرییەتی لە چوار چێوەی زمانی شیعری چڕ کردۆتەوەو لە چەند بنەمایەکیشدا کورتی کردوونەتەوە. )) ( نووسەر, ٢٠١٨, ل٣٧٠ ) واتە جان کۆهین زیاتر گرنگی بە زمانی شیعر دەدات و لەم ڕوانگەیەوە شیعرییەتی بەستاوەتەوە بە زمانی شیعرەوە. هەروەها لە بارەی جان کۆهین و یاکۆبسن لەسەر چەمکی لادان بۆ شعرییەت دەڵێت: (( هەروەک چۆن لای ( جان کۆهین ) بنچینەی تێڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر چەمکی لادان دامەزراندووە, هەروەها لای ( یاکۆبسن ) (١٨٩٦ _ ١٩٨٢ ) یش پێوەری لادان پەیوەست کراوە بە هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی, چونکە هەر جۆرێک لادان لەسەر یەکێک لەو تەوەرانە بە ئەنجام دەگەیەنرێت و یاکۆبسن ئەم تەوەرانەی کردۆتە بنەمای شیعرییەت لە شیعردا کورتی کردوونەتەوە. )) ( نووسەر, ٢٠١٠, ل٢٠ )

( کەمال ئەبودیب ) یەکێکە لە نووسەرە عەرەبەکان لە بارەی شیعرییەتەوە (( جەخت لەسەر ئەوە دەکات, کە شیعرییەت پابەندە بە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شیكاری بونیادی زمانەوانی دەق. واتە لەسەر بابەتی دەنگسازی دەلالی, كە لە ئامادە باشی بواری فیزیایی بەرجەستەدا خۆی دەنوێنێت. كاردەكات لەسەر ئەو پەیوەندییەی پێكهاتەكانی دەق لەگەڵ ئاستی دەلالی و پێكهاتەی دەنگی و ڕیتمدا. )) ( ١٩٨٧, ل١٣ )

كەواتە شیعرییەت بریتییە لەو ڕواڵەتانەی, كە زمانی ئاسایی دەكەن بە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئەو شێواز و تەكنیك و فۆڕمانەی ئەدیب یان شاعیر لە نووسینەكانیدا بەكاری دەهێنێت, بەم پێیە شیعرییەت دەقی ئەدەبی دیراسە دەكات و دروستی دەكات. هەموو ئەو ئەدەبە بەرزەی هەیەو دروست بووە لە ڕێگەی ئەو هونەرو شێواز و تەكنیكانەی نووسەر بەكاریان دەهێنێت هاتوونەتە بەرهەم.

## تەوەری دووەم: شیعرییەتی ڕەوانبێژی

هونەرەكانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێكی گرنگ و كاریگەریان لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت هەیە. بەهۆیەوە دەق ئەدەبی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی جوان و ڕێك و ڕازاوە دەبن. ڕەوانبێژی لە زمانی كوردی و زمانەكانی تردا چەندین پێناسەی بۆكراوە, هەر نووسەرێك بەشێوەیەك سەرنج و تێبینی خۆی لە بارەیەوە خستووەتە ڕوو. بۆ یەكەم جار ئەرستۆ ئاماژەی بەچەند هونەرێكی ڕەوانبێژی كردووە, كە لە كتێبەكەی بەناوی هونەری شیعر بەدیاردەكەوێت. پاشان هۆراس و دوای ئەویش لەلای عەرەبەكان زیاتر گرنگی بە بابەتی ڕەوانبێژی دراوە.

( سید أحمد هاشمی ) لەبارەی پێناسەی ڕەوانبێژی لەڕووی زاراوەییەوە دەڵێت: (( ڕەوانبێژی وەسفی ئاخاوتن و ئاخێوەرە, وشەیە بە ڕەوانبێژی وەسف ناكرێ, چونكە ناتوانێت ئاخێوەر بگەیەنێتە مەبەستی خۆی, چونكە ڕێگەی ئەمە بە وشە نەدراوە )). ( ٢٠٠٧, ل٣٥ ). ( ابن عبداللە )ش بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوانبێژی دەكات (( ڕەوانبێژی زمانێكە پێشبینی گەیشتن و كۆتا هاتن دەكات. ئەمەش لەو ئاخاوتنەی عەرەب وەرگیراوە, كە دەڵێت ( بلغت الغاية ) واتە گەیشتنە غایەت و ئامانجی خۆی, ئەوەش ئەوكاتە وای پێ دەگوترێ, ئەگەر لە ئاخاوتندا مەبەستی خۆی پێكاو گەیاندییە مێشكی بەرامبەرەكەی )). ( ٢٠٠٨, ل١١) لەلای فارسەكانیش ( محمد خلیل رجائی ) بەم شێوەیە پێناسەی دەكات و دەڵێت: ڕەوانبێژی (( لە ڕووی زاراوەوە هەندێ جار سیفەتەو بۆ وشە دێت, گوتوویانە: ( وشەی ڕەوان ) هەندێ جار سیفەتەو بۆ ئاخێوەر دێت, گوتوویانە: ( ئاخێوەرێ‌ڕەوان) )). ( ١٣٥٣, ل١٧ ) ڕەوانبێژی لەلای نووسەرانی كوردیش بۆ یەكەمین جار لەلایەن ( شێخ نووری شێخ سالح )ەوە قسەی لەسەركراوە. لە ساڵانی ١٩٢٦ـ١٩٢٧ لە زنجیرە وتارێك بە ناونیشانی ( ئەدەبی كوردی ) لە ڕۆژنامەی ( ژیان ) تیشكی خستووەتە سەر هەندێ هونەری ڕەوانبێژی, دواتر لە حەفتاكانی سەدەی بیستەم و دوای ئەوەش لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك بایەخی زۆری پێدراوەو چەندین كتێبی بۆ نووسراوە. (عەزیز گەردی ) لە كتێبی ڕەوانبێژیدا بەم جۆرە پێناسەی دەكات و دەڵێت: (( هەر قسەیەك, كە ئەكرێ, یا هەر نووسینێك, كە ئەنووسرێ, لە ژێر ئاڵای ڕەوانبێژی دەنگ ئەداتەوە, كە بچێتە دڵی گوێگر بخاتە هەست و سۆزێكەوە, كە هی قسەكەرە )). ( ١٩٧٢, بەرگی یەكەم, ل١٧ )

( عەلائەدین سەجادی )یش بۆ پێناسەی ڕەوانبێژی دەڵێت: (( ڕەوانبێژی بریتییە لە دەربڕینی كۆمەڵە گوزارەیەكی فراوان لە قالبی چەند وشەیەكی كەمدا )). ( ١٩٧٨, ل٧ ) ئەم پێناسەیە زیاتر خۆی لە كورتبڕیدا دەبینێتەوە. بەچەند وشەیەكی كەم واتایەكی زۆر بدات بەدەستەوە. دوكتۆر ( نوزت أحمد عثمان ) لە نامەی ماستەرەكەیدا بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوانبێژی دەكات و دەڵێت: (( ڕەوانبێژی ئەوپەڕی جوانی زمانە, شیرینی و ڕێكی ئاخافتن دەردەخات, مەبەستەكانی فراوانتر دەكات, ئاسۆیێكی بێ پایان بە زمان دەدات بەهۆی وێنەسازی, هەروەها بە وشەی ڕەنگاو ڕەنگ دەیڕازێنێتەوەو تام و چەشەی كاریگەری دەداتێ... یاخود ڕەوانبێژی دەربڕینی مشت و ماڵی هەستی قسەكەرە بە پێی ئەو ڕامان و مەبەستەی, كە بۆی دادەنێ )). ( ١٩٩١, ل٢٢ ) واتە ڕەوانبێژی جوانی بە زمان و دەربڕین دەبەخشێ, بەهۆیەوە وشەكان ڕێك و ڕەوان دەبن و تام و چێژ بە دەقەكە دەگەیەنێت. هەستی خوێنەر دەوروژێنێت و وای لێ دەكات سەرنجی زیاتر بۆ لای بابەتەكە بڕوات. كەواتە ڕەوانبێژی بریتییە لە قسەی ڕەوان و جوان و ڕێك, كە شاعیر لەناو دەقی شیعردا بەكاری دەهێنێت, لەڕێگای واتای جوان و ڕوونبێژی و جوانكارییەوە. قسەكانی پوخت دەكاتەوەو مانای زیاتر بە دەقەكە دەدات, بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەكە ڕابكێشێت. بەشەكانی ڕەوانبێژیش لە هەر زمانێكدا دابەشكراوە بۆ سێ جۆری سەرەكی كە بریتیین لە: ( واتاناسی , ڕوونبێژی , جوانكاری )

**١. واتاناسی**

واتاناسی بەشێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی, کە چەند هونەرێک لە خۆدەگرێت و ئەو هونەرانە دەبنە هۆی ئەوەی شیعر بەشێوەیەکی جوان دەرکەوێت. ( ئیمام خەتیب قەزوینی ) بەم جۆرە باسی زانستی واتاناسی لەعەرەبیدا دەکات و دەڵێت: (( زانستێکە بەهۆیەوەی حاڵەتەکانی ئاخاوتنی عەرەبی پێ دەناسرێتەوە. بەو شێوەیەی پەسەندی هەل و مەرجەکان بێت )). ( ٢٠٠٤, ل٢٣ )

عەزیز گەردی لە بارەی واتاناسییەوە دەڵێت: (( واتاناسی ئەو بەشەیە, کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی واتا دەگرێتەبەر, پەیوەندی نێوان وشەو مانا ساغ دەکاتەوە, وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوە, کە پەیوەندییان بە ماناو مەبەست و پەیام وکاریگەری وشە و ڕستەو ئاخاوتنەوە هەیە, هەر وشەیەک چۆن بەکاربێ و لە چ شوێنێک بێ باشترە, پاش و پێشکردنی وشەکانی چۆن کاردەکاتە سەر گۆڕان و جەخت کردنی مانای ڕستەکە )). (١٩٧٩, بەرگی سێیەم, ل٧ ) مامۆستا ( موحسین ئەحمەد ) بەم جۆرە پێناسەی زانستی واتاناسی دەکات و دەڵێت: (( زانستی واتاناسی باس لە لێکۆڵینەوەی واتا دەکات لەبارەی کورتبڕی و درێژبڕی و پاش و پێشخستن و شوێنی پێوەلکان و شوێنەکانی جەخت و زۆری تر )). ( ٢٠١٣, ل١٨ ) لە زانستی واتاناسیدا زیاتر بۆ ئەوە هاتووەکە ئایا تا چەند هەواڵ و دەربڕینەکان دروستە و ڕاستی تێدایە.

**٢. ڕوونبێژی**

ڕوونبێژی بەشێکی ترە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی, یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ڕەوانبێژی. چەندین پێناسەی بۆ کراوە, بۆ نموونە دوکتۆر ( بسیونی عبدالفتاح فیود ) لەبارەی ڕوونبێژی لەڕووی زاراوەییەوە دەڵێت: (( ئەو زانستەیە, کە تاکە واتای بە ڕێگەی جۆراو جۆری واتا ڕوون دەگەیەنێ )). ( ٢٠١١, ل١٥ ) دوکتۆر ( نوزت أحمد )یش بەم جۆرە باسی دەکات (( ڕوونبێژی تەنیا ئاشکراکردنی مەبەست نییە, بەڵکو داهێنانێکی هونەری ورد, زیاتر ڕوو دەکاتە وێنەو وێنە سازی بەهۆی ئەندێشەوە... مەبەستەکەشی دەخاتە چوارچێوەیەکی وەها گەش و نایاب, کە سەرنج ڕابکێشێ )). ( ١٩٩١, ل٢٩ ) ( دونیا شەهاب )یش لە نامەی ماستەرەکەی بەم جۆرە باسی ڕوونبێژی دەکات و دەڵێت: (( ڕوونبێژی واتە ئەو گوتەو ئاخاوتنانەی لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرایە )). ( ٢٠١٥, ل١٣ ) بەو مانایەی هەر وتەیەک لەڕووی ئاخاوتنەوە جوان و ڕەوان بێت دەچێتە چوارچێوەی ڕوونبێژییەوە.

**٣. جوانکاری**

زانستێکی تری ڕەوانبێژی بریتییە لە زانستی جوانکاری, لە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن: ( علم البدیع ) هونەرەکانی ئەم بەشە زۆر فراوانەو دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر, جوانکاری واتایی و جوانکاری وشەیی. هەر جۆرێک لەو جۆرانە چەند هونەرێکی تێدایە, کە دەورێکی گرنگیان هەیە لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت و بەهۆیەوە دەقەکەی پێ جوان دەبێت. ( یوسف أبو عدوس ) لە بارەی پێناسەی جوانکارییەوە دەڵێت: (( زانستێکە بە هۆیەوە ئەو ڕوو و سیفەتانە دەناسرێنەوە کە وا دەکەن وتە باش و پەسەندکراو بێت, ئەمەش لەدوای ڕەچاوکردنی وەکیەکی لە سروشتی حاڵ و ڕوونی گوزارشتکردنەکەی, بە دوور لە ئاڵۆزکردنی واتایی )). ( ١٩٩٩, ل١٢٩ ), ( ابن عبدالله )ش بەم شێوەیە پێناسەی جوانکاری لە ڕووی زاراوەییەوە دەکات و دەڵێت: (( زانستێکە بە هۆیەوەی ڕووە جوانەکانی ئاخاوتن دەناسرێتەوە, ئەمەش دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون و گونجاو بۆ هەل و مەرجەکان هاتبن )). ( ٢٠٠٨, ل٢٣١ )

لەلای فارسەکانیش ( میرزا عبدالعظیم خان ) لەبارەی هونەری جوانکارییەوە دەڵێت: (( هونەری جوانکاری گوزارشتە لە جوانی و ڕازاندنەوە )) ( ١٣٠٨, ل٢ ) لای کوردەکانیش نووسەران پێناسەی جوانکارییان کردووە هەریەک بەجۆرێک سەرنجی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیوە. مامۆستا ( عەبدولکەریم مودەریس )دەربارەی زانستی جوانکاری دەڵێت: (( بەدیع هونەرێکە ئەبێ بە مایەی زانستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی وتار, لەپاش چاودێری ڕەسایی ئەو وتارە بە پێی پێویستی حالی ئەوکەسەی وتاری پێشکەش ئەکرێ وەکو زانیارانی بەلاغە فەرموویانە...)) ( ١٩٩١, ل٦ ) واتە بەهۆی ئەو هونەرەوە شیعر و وتار جوان و ڕازاوە دەبن و دەکەونە بەردلان. شیعر تا چەند جوانترو ڕازاوەتر بێت لەڕووی ڕەوانبێژییەوە تام و چێژی لای خوێنەر زیارتر دەبێت.

دوکتۆر ( ئیدریس عەبدوڵڵا ) بەم شێوەیە باسی جوانکاری دەکات و دەڵێت: (( جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی..


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە عەرەبیدا ( البدیع )ی پێدەگوترێت, وشەیەکە لە رووی زمانییەوە بریتییە لە: ( داهێنانی شت ), یان واتایەکی تر ( البدیع ) بەو شتە دەگوترێ, کە بۆ یەکەمجار دادەهێنرێ )). ( ٢٠١٢, ل١٢ ) بەم جۆرە زانستی جوانکاری لە کۆمەڵێ هونەر پێکدێت و ئەو هونەرە جوانکارییانە دەبنە هۆی ئەوەی دێرە شیعرەکان بە شێوەیەکی جوان و رێک بکەونە بەرچاو داهێنان بە شیعرەکانەوە دیاربێت. بەمەش شیعرییەتی دەقەکە بەهێز دەبێت.

## بەشی دووەم:

رەنگدانەوەی هونەرە رەوانبێژییەکان لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیاندا.

هونەرە رەوانبێژییەکان لە شیعردا رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ دروست بوونی شیعرییەت. هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییانیش بەدەر نییە لەو هونەرە رەوانبێژییانە و کۆمەڵێک هونەری رەوانبێژی لە بەشەکانی واتاناسی و روونبێژی و جوانکاری لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت. بۆ هەریەکێک لەو هونەرانە نموونەی دیار و لەبەرچاو دەهێنینەوەو شییان دەکەینەوە.

## تەوەری یەکەم: واتاناسی

شاعیر گرنگی بە چەند هونەرێکی واتاناسی داوە و لە رێگەیانەوە شیعرییەتی شیعرەکانی باڵا کردووە, جوانی و رازاوەیی تیایاندا بەرجەستە کردووە. لە خوارەوە بە پێی پێویست ئاماژەیان پێدەدەین و نموونەیان بۆ دەهێنینەوە. ئەو هونەرانەی واتاناسی لە نێو دەق ئەدەبیدا شێوازەکانی ئاخاوتن لە باری دروست بۆ باری خوازەیی دەگۆڕن و دەیانکەنە دەربڕینی ئەدەبی.

**١. هەواڵ.**

هەواڵ یەکێکە لە هونەرەکانی واتاناسی, لە سەر بنەمای راستی و ناڕاستی بنیات دەنرێت. واتە ئەو هەواڵە راست بێت یان ناڕاست گرنگ ئەوەیە پەیامێک بگەیەنێت, بۆیە هەواڵ (( ئەو قسەیە, یان ئەو دەربڕینەیە لایەنی راست و درۆی هەبێ, بتوانی بڵێی راستە, یان بڵێی درۆیە )). ( گەردی, ٢٠١٣, ل١٩ )

سوپاس هەر بۆ تۆ خودایە
بوونی گشت شت لە تۆڕایە
تۆ هەر بوویی و ئەتۆ هەر هەی
تۆ قادر و قەییوم و حەی. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٨١ )

ئەم هەواڵە مەبەست لێی دەرخستنی سیفاتی خوای گەورەیە, کە خاوەنی چەندین سیفاتی بەرزو سوپاسکراوە. لە هەر چوار نیوە دێرەکەدا پێیاهەڵدان ( پەسنکردن )و سوپاس گوزاری تێدایە, هەواڵێکە لە مرۆڤەوە بۆ خوای خۆی بە شێوەی پێیاهەڵدان ( پەسنکردن )و سوپاسکردن. ( سوپاس بۆتۆ خودایە ) هەواڵێکە بە خودای دەدات, کە سوپاسگوزارە لە بەرامبەر ( بەخششەکانی, هەروەها ( بوونی گشت شت لە تۆڕایە ) واتە هەموو شتێک لە دەست تۆیەو لە سایەی تۆوەیە, ئەمەش هەواڵێکە بۆ تەعزیم ( گەورە نیشاندان ). لە دوو نیوە دێرەکەی تریش دەڵێت تۆ هەر بوویی و هەردەمێنی, بە تواناو بەهێز و زیندووی, ئەمەش هەر هەواڵە و بۆ تەعزیم. واتا هەواڵێکی نوێ نییە, خوای گەورە بۆ خۆی ئەم شتانە دەزانێ, بۆیە هەواڵی خوازەییە بۆ پیشاندانی وەفاو تەعزیمی خوای گەورە.

**٢. دارشتن.**

دارشتن هونەرێکی تری واتاناسییە لە زانستی رەوانبێژیدا, کە هیچ هەواڵێک لە خۆناگرێ تاکو راستی و ناڕاستی تێدابێت وەکو هەواڵ. بۆیە دارشتن (( کۆمەڵە رستەیەکە راستی و درۆ هەڵناگرن.. )) ( شمیسا, ١٣٨٦, ل٨٥ ) چەند جۆرێک لە خۆ دەگرێت وەکو ( دارشتنی بێلە داخوازی, دارشتنی داخوازی( فرمان, نەهێشتن ), پرسیار, خۆزی, بانگکردن...) ئەمانە هەمووی تایبەتن بە هونەری دارشتن لە بابەتی

واتاناسیدا.

ڕاگیری کەی ئەو کۆشکە خودایە

ڕەمزی شەرەف و ڕەمزو حەیایە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٧ )

ئەو کەسەی لێرەدا فرمان دەکات بەندەیەو لە خوا زۆر بچووکترە, بۆیە فرمانەکە بەشێوەی دروست نییە, بەڵکو بەشێوەی خوازەییە, چونکە بەندە ناتوانێ فەرمان لەسەر خوا بکات. فەرمان لە خواوە بۆ بەندەکانە, لەگەورەوە بۆ بچووکە, لە بەرزەوە بۆ نزمە. بۆیە ئەگەر خوا ئەم فرمانە جێبەجی بکات ئەوە لەبەر سۆز و بەزەییەتی, دەنا خوای گەورە زۆر لەوە گەورەترە فرمانی بەندە جێبەجێ بکات (ڕاگیری کەی ئەو کۆشکە ) فرمانێکی خوازەییەو بۆ مەبەستی ( پاڕانەوە ) هاتووە.

**٣. یەکسانی.**

هونەرێکی ڕەوانبێژییە لە بابەتی واتاناسیدا بەو مانایە دێت, کە وشەکان یەکسان بن بەقەد ماناکانیان واتە (( دەربڕین و گەیاندنی واتاو مەبەستە بە وشەی یەکسان, واتە وشە دەربڕاوەکان بەبێ زیاد و کەم بە پێی واتاو مەبەست بێت )). ( فیود, ٢٠١٠, ل٥٢٩ )

دوو لاقم هەیە دەشتوانم هەڵێم

بۆ نامە چنگ تۆ خۆم و هەردوو گوێم. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٢ )

لەنیوە دێڕی یەکەمی ئەم شیعرەدا, هەموو وشەکانی بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر لە چوارچێوەی ئەم ڕستەیەدا پێویستن و هیچ کامێکیان زیاد نییە, کە بە هۆیەوە واتاش زۆر نەبووبێ, بە هەمان شێوە واتاش بە قەد وشەکانەو لە وشەکان زیاتر نییە, بەمەش یەکسانی لە نێوان واتاو وشە دروست بووە.

**٤. پێشخستن و دواخستن.**

یەکێکن لە هونەرەکانی واتاناسی, (( پێشخستن بریتییە لە پێشخستنی ئەو بەشە ئاخاوتنەی لە ڕستەدا هەقی دواخستنی هەیە. ( دواخستن )یش پێچەوانەی ( پێشخستن )ەو بریتییە لە دواخستنی ئەو بەشە ئاخاوتنانەی لە ڕستەدا هەقی پێشخستنی هەیە )). ( مستەفا, ٢٠١١, ل٧٩ )

هەڵدەبڕێ لە توو گەڵایە ناسک

کرم و مەڕو مێشەهەنگ و ئاسک. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل١ )

لەم شیعرەدا شاعیر دەبوایە بڵێ ( لە توو گەڵایە ناسک هەڵدەبڕێ ), بەڵام شاعیر لەبەر سەرواى شیعرەکەی لادانی کردووەو فرمانی پێش خستووەو بەشەکانی تری دواخستووە.

**٥. کورتبڕی.**

کورتبڕی بریتییە لەوەی (( بە وشەی کەم واتای زۆر بگەیەنرێت, بەو مەرجەی چ کەم و کوڕییەک لە ئەدای قسەکانەوە نەبێ )). ( عەبدوڵا, ٢٠١١, ل١٠٢ ) واتە وشەکان کەم و پوخت بن, بەڵام مانای تەواو بدەن بەدەستەوە.

بچین بۆ لای بە دەستی پڕ نەبادا

هەموو لامان بەدەستی خاڵی ڕادا. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا کورتبڕی کردووە, مەبەستی ئەوەیە بچین بۆلای بە دەستی پڕ لە دیاری. ئەوەش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکەی تێک نەچێ, بۆیە ئەم کورتبڕییەی بەکارهێناوە.

**٦. درێژبڕی.**

درێژبڕی پێچەوانەی کورتبڕییە, وشە زیاد دەکرێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکە, بەو مەرجەی واتا زیاد نەکات و لە مەبەستە بنچییەکەی لانەدات. (( درێژبڕی گەیاندنی مەبەستە بە وشەی زیاد بۆ سوود وەرگرتن لەو مەبەستە, ئەگەر ئەو وشە زیادەیە بۆ سوود نەبوو, ئەوا

دەبێتە درێژکردنەوەو حەشو )). ( الصعیدی, ١٩٩١, ل١١٨ )

كە دەشهێتە قسان بەو چاو و ڕاوەی

هەموو گیاندار و بێ گیان لەو بەزیوە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٠ )

شاعیر لە نیوە دێری دووەمدا درێژبڕی كردووە, وشەی هەمووی بۆ ڕستەكە زیادكردووە, ئەگەر ئەو وشەیەی زیادیش نەكردایە مانای ڕستەكە تێك نەدەچوو. ئەوەش لەبەر ئەوەی كێشی شیعرەكەی تێك نەچێ, بۆیە ئەم درێژبڕییەی بەكارهێناوە.

## تەوەری دووەم: ڕوونبێژی.

لە ڕوونبێژیدا هەندێ هونەری ڕەوانبێژی هەیە, كە دەبنە هۆی جوانكردنی شیعر و دروستكردنی شیعریەت لە ناو دەق ئەدەبییدا. ئەوانیش چەند جۆرێكن هەندێكیان بە نموونەوە باس دەكەین. شایەنی باسە, هەموو هونەرەكانی ڕوونبێژی شیعرییەتیان لەوەدایە, بە وێنە گوزارشت لە واتا دەكەن.

**١. لێكچواندن.**

لێكچواندن هونەرێكی ڕوونبێژییە, بریتییە لەوەی شتێك بە شتێكی تر بچوێندرێت. واتە (( لێكچواندنی شتێكە بە شتێكی دیكە, بەو مەرجەی ئەو لێكچواندنە پشت بە ناڕاستی ببەستێت, نەك ڕاستی, واتە لێكچوونەكە مەجازی بێت نەك حەقیقی )). ( شمیسا, ١٣٧٠, ل٥٩ )

خرمە خرمی بازنەكانت وەك زڕەی زنجیری دیل

واتە زوو دێنێ بە دڵ ئاژیری تاسانی منە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٣٥ )

خرمە خرمی بازنەكانت: لێچووە.

زڕەی زنجیری دیل: لەوچووە

وەك: ئەوزارە

زوو هێنانی تاسانی بەدڵ: ڕووی لێكچوونە

كەواتە بابەتەكە لێكچواندنە و هەرچوار بنەڕەتەكەی لێكچواندن لەم دێڕە شیعرەدا هەیە.

**٢. خواستن. ئەمیش دوو جۆرە:**

أ. خواستنی ئاشكرا.

یەكێكە لەهونەرەكانی ڕوونبێژی لە بابەتی ڕەوانبێژیدا. (( بریتییە لەو خواستنەی كە تێیدا لێچوو لادرابێت و لەوچووی تێدا هاتبێت, یان باسكرابێت )) ( الادق, ٢٠١١, ل١٦٣ ) واتە یەكێ لە دوو بنەڕەتە سەرەكییەكەی لێكچواندن ( لێچوو ) نەهاتبێت, بەڵام ( لەوچوو ) هاتبێت.

نا, مانگ بوو هەڵاتبوو لە عەرزی

هەرگیانێ لە ناوی هەڵدەلەرزی. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

لە نیوە دێری یەكەمدا شاعیر ناوی ( زارا )ی, كە كچێكی جوان و خانەدان بووە بە مانگ چواندووە, واتە زارا وەكو مانگ بەدەركەوتبوو لەسەر زەوی.

زارا: لێچووە , نەهاتووە

مانگ: لەوچووە , هاتووە

مادام لێچوو نەهاتبێ و لەوچوو هاتبێ كەواتە خواستنەكە خواستنی ئاشكرایە.

ب. خواستنی دركاو.

هونەرێکی تری ڕوونبێژییە (( لێکچواندنێکی شکێنراوە, ( لەوچوو )ی لابراوەو ( لێچوو )ی ماوە, پەیوەستێکی ( لەوچوو )ەکە دراوەتە ( لێچوو )ەکە, قەرینەش زمانی بێ, یان عەقلی ڕێگری دەکات, ئەو پەیوەستە هی ئەو ( لەوچوو )ە بێ, کە پێی دراوە )) ( عەبدوڵلا, ٢٠١٢, ل٨٤ ) واتە ئەو جۆرە لێکچواندنەیە, کە یەکێ لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن ( لێچوو ) هاتووەو ( لەوچوو ) لابراوە.

بە دەست و پێ چنار کەوتە سەمایە

چ باسێکە بەگوێی ویدا چپیوە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٠ )

لەنیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر دار چناری بە مرۆڤ چواندووە. واتە دار چنار وەکو مرۆڤ کەوتە سەما.

چنار: لێچووە , هاتووە

مرۆڤ: لەوچووە , نەهاتووە

مادام لێچوو هاتێ و لەوچوو نەهاتێ کەواتە خواستنەکە خواستنی درکاوە.

**٣.خوازە.**

خوازە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی لە بابەتی ڕەوانبێژیدا, کە چەند جۆرێکی هەیە. (( خوازە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیێک بۆ بێجگەی ئەو واتا فەرهەنگییە, دروستەی هەیەتی, لەگەڵ بوونی قەرینەیێک, زمانی بێت, یان ژیری, ڕێگری بکات لەوەی کەوا ئەم وشەیە وەکو دروست بەکارهێنرابێ و بیچەسپێنێت, کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکارهێنرابێت )). ( مستەفا, ٢٠١١, ل١٦٣-١٦٤ )

هەڵیکرد با بەسەر عەزرا گوڕاندی

ڕنی ڕووی مێر غوزاران و کڕاندی. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل١٧ )

لە نیوە دێڕی یەکەمدا ( هەڵیکرد با ) خوازەیە بە پەیوەندی بەرکاری, چونکە ( با ) ناتوانێ لە خۆیەوە هەڵبکا, ئەوە خوایە ئەمری پێدەکات, بۆیە ( خوا ) بکەری دروستە. ( با ) بکەری خوازەییە, پەیوەندی نێوانیان بەرکارییە.

**٤. درکە.**

ئەم هونەرەش تایبەتە بە بەشی ڕوونبێژی عەزیز گەردی دەڵێت: (( درکە ئەوەیە ڕاستەو ڕاست ناوی شتێک نەبەی, بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی, کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێ )). ( ١٩٧٢, بەرگی یەکەم, ل٨٨ )

پیرە پیاوێکی ڕووتی بێ ئەنواش

هەر دەلەرزێ لە ئەوبەری چۆما. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٩ )

وشەی ڕووت درکەی تاکە وشەیە لە هەژاری. واتا وشەی ڕووت مەبەستی هەژارییە. نەک مەبەستی ئەوەی هیچ شتێکی لەبەردا نەبێ.

کە وێرا بای کەسێ لای وی بکۆخێ

بە ئاوری وی دەبوو هەر داپلۆخێ. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

( کەسێ ناوێرێ لای وی بکۆخێ ) ئەمە درکەی ڕستەیە. واتە پاشاکە زۆر ستەمکار و زاڵمە ناهێڵێ کەس لە پێشیدا قسەیەکی هەق بکات.

## تەوەری سێیەم : جوانکاری

لە بەشی جوانکاریشدا چەند هونەرێک هەیە, کە شیعرییەتی دەقێ پێ جوان دەکەن, لە خوارەوە هەندێ لەو هونەرانە وەردەگرین و پێناسەی هونەرەکان و لەگەڵ چەند نموونەیەکیان بۆ دەهێنینەوەو شیاندەکەینەوە. لێرەدا شاعیر خەریکی ڕازاندنەوەی وشەو دەربڕین و واتا دەبێت, بەم هۆیەوە شیعرییەت بۆ تێکستەکانی دروست دەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**١. ڕەگەزدۆزی: ئەمیش دووجۆری هەیە**

أ. ڕەگەزدۆزی تەواو:

هونەرێکی جوانکارییە لە بابەتی ڕەوانبێژیدا. نوسەران و لێکۆلەران پێناسەی ڕەگەزدۆزی تەواویان بەم جۆرە کردووە. (( بریتییە لەوەی, کە لە ڕستەیەکدا یا لە دێڕە شیعرێکدا, دوو وشە, یا زیاتری تیابێ و ئەم وشانە لە ڕواڵەت و شێوەدا لە یەک بچن, واتە وەک یەک بن لە ڕووی ژمارەی دەنگەکان و ڕیزکردنیان و شێوەی ڕێنووسی تیپەکانەوە, بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ )). ( کاکی, ٢٠٠٨, ل٩٩ )

وەڕێ کەوتن گەلێک دیاری بە کۆڵان

هەتا بڕیان هەموو مەیدان و کۆڵان. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا شاعیر دووجار وشەی ( کۆڵان )ی بەکار هێناوە جارێک لە نیوە دێڕی یەکەم و جارێک لە نیوەدێڕی دووەم. هەردووکیان لە شێوەدا وەکو یەکن لە ژمارەی پیتەکان و جۆرو ڕیزکردنیان, بەڵام لە مانادا جیاوازن. ( کۆڵان ) لە نیوە دێڕی یەکەم بەمانای بە پشت ( کۆڵ + ان ), ( کۆڵان ) لە نیوەدێڕی دووەم واتە کۆڵانی گەرەک. بەم شێوەیە ڕەگەزدۆزی تەواو دروست بووە.

ب. ڕەگەزدۆزی ناتەواو

هونەرێکی تری بابەتی جوانکارییە, شاعیر بۆ جوانکردنی شیعرەکەی ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت. ڕەگەزدۆزی ناتەواو بریتییە لەوەی (( کە یەکێ لەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, لە یەکێ لەو چوار مەرجانەی ڕەگەزدۆزی تەواوی لەسەر دادەمەزرێ جیاوازبن, یا ئیتر لە سێ یان دوو شتی دیکەشیان لێکچووبن )). ( عەبدوڵڵا, ٢٠١٢, ل١٣ )

بە گیان یەک بن بە لەش جودا

هەموو وەک یەک بەندەی خودا. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٥٧ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( جودا , خودا ) لە شێوەدا زۆر لێک نزیکن, لە یەک پیتدا جیاوازن, هەروەها ماناشیان جیاوازە, لەبەر ئەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست بووە لە جۆری ڕەگەزدۆی ناتەواوی جودا.

**٢. دژیەک: ئەمیش دوو جۆری هەیە.**

أ. دژیەکی فەرهەنگی.

هونەرێکی جوانکارییە, شاعیر بۆ جوانکردنی شیعرەکەی بەکاری دەهێنێت. (( ئەوەیە تیایدا بە ئاشکرا دوو دژ هاتبن )) ( عتیق, ١٩٨٥, ل٧٩ )

حەوای کەوی, شینی زەوی

بەرزی و نەوی, ئەمی و ئەوی. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٣٣ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( بەرزی , نەوی ) دژی یەکترن, چونکە لە فەرهەنگدا هەریەکەو ڕەگەزێکی سەربەخۆی هەیە. بۆیە پێی دەڵێین دژییەکی فەرهەنگی.

ب. دژیەکی نافەرهەنگی.

جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری (( ئەم جۆرەیان تەواو پێچەوانەی دژیەکی فەرهەنگییە. ئەو دوو وشەیەی دژیەک دروست دەکەن لە فەرهەنگدا بوونی سەربەخۆیی خۆیان نییە, بەڵکو دروستکراون لەسەر بنەمای ئەرێ و نەرێ, هەردووکیشیان لە بنەڕەتدا هەر یەک ڕیشەو ڕەگیان هەیە. ( شیعا, ٢٠١٤, ل٩٣ )

پەنایە هەر بۆ تۆ دەبەم

لە تۆ بەدەر کەس شک نابەم. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٤٨ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( دەبەم , نابەم ) دژیەکی نافەرهەنگین, چونکە هەردوو وشەکە لە فەرهەنگدا یەک ڕەگەزیان هەیە, ئەویش

له چاوگی ( بردن ) وەرگیراوە بە هۆی ئامرازی نەرێی ( نا ) بووە بە دژی یەکتر.

**٣.تێهەڵکێش.**

تێهەڵکێش هونەرێکی جوانکاری شیعرە, شاعیر بۆ ئەوەی شیعرەکەی جوان بێت ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت. تێهەڵکێش (( بریتییە لەوەی, کە شاعیر دێڕە شیعرێک, یان نیوە دێڕێک جگە لەوەی خۆی, یان ئایەتێک, یان وتەی کەسێکی تر وەربگرێت و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی بکات )). ( مطلوب, ٢٠٠٧, ل٣٧٢ )

کە بۆ ئەو پەندە بیرگەت بگەڕێ

( کابرا لە هەولێر گێڕەی دەگەڕێ ). ( أحمدیان,١٣٧٠, ل٣٧ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووەو لە ناو دووکەوانە دایناوەو ئاماژەی پێکردووە.

**٤.پاتکردنەوە.**

لە هونەری جوانکاریدا پاتکردنەوە واتە دوو بارە, یان سێ بارە کردنەوەی وشەیەک. واتە (( ئەوەیە هۆنەر, یان نووسەر وشەیەک, یان دەستەواژەیەک, یان ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە, بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی, بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ, واتە نابێت وشەکان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت )) ( ١٩٧٥, بەرگی دووەم, ل٤٧ )

بەرابەر بن هەموو بەو دوو بەشەی ژین

ئەوەش دینە ئەوەش دینە ئەوش دین. .( أحمدیان,١٣٧٠, ل١٩ )

لەم شیعرەدا لە نیوە دێڕی دووەم سێ جار ڕستەی ( ئەوەش دینە ) پاتکراوەتەوە, بەمەش جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە, بەم جۆرە هونەرە دەڵێن پاتکردنەوە.

**٥.گێرانەوە**

گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری لە ڕەوانبێژیدا, دوکتۆر ئیدریس عەبدوڵلا بەم شێوەیە پێناسەی گێرانەوە دەکات و دەڵێت (( گێرانەوە بریتییە لە گێرانەوەی یەکجار, یان زیاتری وشە, یان دەستەواژەو ڕستەییک, لە سنووری دێڕێکدا, بە مەرجێک هەر جارەی لەپاڵ واتایێکی جیا لەوەی پێشووی گێردرابێتەوە )) ( ٢٠١١, ل٢٤٧ )

ئەمن هاتووم بەیەک شەربەت سڕم کەی

وەها بێ هەست و بێ ئاگا و وڕم کەی. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل١١ )

لەم شیعرەدا شاعیر لە نیوە دێڕی دووەم دوو جار ئامرازی ( بێ )ی گێڕاوەتەوە, جارێک لە پاڵ وشەی ( هەست ) و جارێکی تریش لە پاڵ وشەی ( ئاگا ) بەم شێوەیە گێڕانەوە دروست بووەو جوانی بە دەقەکە بەخشیوە.

**٦.تەصریع**

تەصریع یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە بابەتی جوانکاریدا, دوکتۆر ( موختار عطیە ) بەم جۆرە پێناسەی تەصریعی کردووە. (( ئەوەیە دوا بەشی کە لە ( صەدر ) و ( عەجزی ) هۆنراوە لە کێش و سەروادا یەکسان بن )). ( ٢٠٠٤, ل١٢٦ )

ئۆف چ شوێنێکی لە دڵما کردووە دەنگت وەرە

تاقە جارێک با ببینم تۆ خودا ڕەنگت وەرە. ( ئەحمەدیان, ١٣٩٣, ل٢٨ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دوا بەشی صەدر و دوا بەشی عەجزیشی هاوکێش و هاوسەروا کردووە, ئەویش هەردوو وشەی ( دەنگت , ڕەنگت ) هاوکێش و هاوسەروان بوونەتە وشەی سەروا. وشەی ( وەرە ) پاش سەروایە, چونکە لە هەموو دێڕەکاندا بە هەمان مانا دووبارە بووەتەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**٧. موتریف.**

هونەرێکی جوانکارییە لە بابەتی ڕەوانبێژیدا, ئەم هونەرە جیاوازییەکەی لەگەڵ تەصریع ئەوەیە هاوسەروان, بەڵام هاوکێش نین. بەم شێوەیە پێناسەی بۆکراوە. (( لە( سجع المطرف )ی عەرەبی وەرگیراوە.. جۆرێکە لە سەروادار, ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی ڕستە, یان لەتەدێڕ هاوکێش نەبن, بەڵام هاوسەروا بن )) ( عەبدوڵلا, ٢٠١٢, ل٧٩ )

لەدوای بزەیەک لێوی خۆی دەگەست

ئەوجار لەو حاڵە هەڵی دێنا دەست. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٣٧ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( دەگەست , دەست ) بە پێی ( ت ) هاوسەروا کراون, بەڵام هاوکێش نین, بەمەش دەگوترێت موتریف.

**٨. کۆکردنەوە.**

یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاری بریتییە لە کۆکردنەوە, کۆکردنەوەش بریتییە لەوەی, کە (( قسەکەر لە نێوان دوو شتی جیاواز یان زیاتر لە ژێر یەک بڕیاردا کۆبکاتەوە )) ( لاشین, ١٩٩٩, ل٩٩ ) واتە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شت لە ژێر یەک بڕیاردا.

من سوڕێکم بوو دەگەڵ تۆ بۆ وڵامیان دامەوە

ئاسن و ئاور دەزانم مەیلی چڕ ژانی منە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٣٥ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا ( ئاسن و ئاور )ی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە.

**٩. تێل نیشان.**

تێل نیشان یەکێکە لە هونەرەکانی جوانی ڕەوانبێژی, واتە ئاماژەکردن بە شتێک بە شێوەیەکی کورت. تێل نیشان (( بریتییە لەوەی هۆنەر بە شێوەیەکی خێراو بەبێ لەسەر وەستان, لە ڕێگەی وشەیەک, یان واتایەک, ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز, یان ڕووداوێکی مێژوویی, یان پەندێکی پێشینان و ... هەر شتێکی دیکەی هاوشێوە بکات )). ( عەبدوڵلا, ٢٠٠٧, ل ٣٠ )

( اقرأ ) قەڵەم هۆی زانینە

هۆی سەرکەوتنی دنیاو دینە. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل١٠٦ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر وشەی ( اقرأ )ی هێناوە, کە ئاماژەیە بۆ ئایەتی (( اقرأ بأسم ربک الذی خلق .. )) ئەمەش ئاماژەیەکی کورتە بەو ئایەتە پیرۆزە, کە باسی خوێندنە.

**١٠. تەجرید.**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی, لە تەجریدی عەرەبییەوە وەرگیراوە. (( بریتییە لەوەی لە شتێکی خاوەن سیفەت, شتێکی تری وەک ئەو دروست بکەی, کە هەمان سیفەتی یەکەمی تێدا بێ بۆ مەبەستی زیادەڕەوی و بە هێزکردنی شتی یەکەم )). ( عتیق, ١٩٨٥, ل١٨٩ )

ئەی دڵ وەرە هەڵکەوە لە ساتێ

تۆماری ڕوودانی کارەساتێ. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

سیفەتەکە هی مرۆڤە, بەڵام شتێکی تری لێ داهێناوە, کە دڵە. لە جیاتی ڕوو لە مرۆڤ بکرێ ڕوو لە دڵ کراوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات.

**١١. وەسف .**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە ڕەوانبێژیدا, سەرچاوەکان لە بابەتی ڕەوانبێژیدا ئەوەندە باسیان نەکردووە, لە عەرەبیشدا هەر وەسفی پێ دەگوترێت. (( مەبەست لە ڕازاوە جوانی و ناشرینی و خراپی شتەکان دەگەیەنێ, واتە وەسفی ئەرێ و نەرێ ( ستایش و لۆمە ) دەگەیەنێ, ئەوانیش لە شیعردا لە ڕێ گوێ, یان چاو بە خوێنەر ئاشنا دەبێ )) ( مەلازادە, ٢٠٢٠, ل٢٠٢ )

جا هێندەی کە جوان و دڵ گوشا بوو

سەد هێندە بە ناموس و حەیا بوو. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

جا لێرەدا شاعیر, کە باسی زارا دەکات جگە لەوەی وەسفی جوانی دەکات, دێت ئەو وەسفە زیاتر تۆخ دەکاتەوەو وەسفی حەیاو نامووسی دەکات, کە چەند بە حەیاو بە ئەدەب بووە, شاعیر بە پێویستی زانیوە ئەم وەسفە بۆ ئەم ئافرەتە بکات.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو لە خوارەوە بە خاڵ روونیان دەکەینەوە.

١. شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان لە رێگەی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە شیعرییەتێکی بەرزیان تێدا بەرجەستە کراوە. وەکو لە بەشە پراکتیکییەکە بۆمان دەردەکەوێت.

٢. لە هەموو هونەرەکانی رەوانبێژی وەکو واتاناسی و روونبێژی و جوانکاری ئەسپی خۆی تاوداوە.

٣. بە هەموو ئەم هونەرانە شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان بوونەتە شیعرگەلێکی جوان و چێژ بەخش و دڵرفێن.

## لیستی سەرچاوەکان.


### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی

١. ئەحمەد, سافیە محەمەد ( ٢٠١٠ ), لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

٢. ئەحمەدییان, عەبدوڵلا ( ١٣٨٩ ), موناجاتی مەلا عەبدوڵلا, نشر أحسان, تهران.

٣. سەجادی, عەلاءالدین ( ١٩٧٨ ), خۆشخوانی, چاپخانەی مەعاریف, بەغدا.

٤. عبدالله أحمديان ( ١٣٧٠ ), هەست و هاوار, چاپخانەی پەیام, تاران.

٥. عەبدوڵلا, ئیدریس ( د ) ( ٢٠١٢ ), جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, چاپخانەی هێڤی, چاپی یەکەم, هەولێر.

٦. عەبدوڵلا, ئیدریس ( د ) ( ٢٠١٢ ), شێواز, چاپخانەی منارە, هەولێر.

٧. کاکی, حەمەنووری عومەر ( ٢٠٠٨ ), شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا, چاپخانەی تیشک, چاپی یەکەم, سلێمانی.

٨. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٢ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی یەکەم - روونبێژی, چاپخانەی جاحظ, بەغدا.

٩. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٥ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی دووەم - جوانکاری, چاپخانەی شارەوانی, چاپی یەکەم.

١٠. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٩ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی سێیەم - واتاناسی, چاپخانەی کاکەی فەلاح, سلێمانی.

١١. گەردی, موحسین ئەحمەد مصطفی ( ٢٠١٣ ), بەهاری رەوانبێژی, بڵاوکراوەی نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, چاپی یەکەم.

١٢. مدرس, ملا عبدالکریم ( ١٩٩١ ), بەدیع و عەرووزی نامی, چاپخانەی ( دار الجاحظ ), بەغدا.

١٣. مستەفا, ئیدریس عەبدوڵلا ( د ) ( ٢٠١١ ), لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

١٤. نووسەر, کۆمەڵێک ( ٢٠٠٨ ), دڵدار شاعیری رەسەنایەتی و زمان و شیعر و هێزری نەتەوەیی, چاپخانەی زانکۆی کۆیە.

### دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی

١٥. أبو العدوس, یوسف ( ١٩٩٩ ), البلاغة الأسلوبية, الأهلية العربي للنشر والتوزيع, الطبعة الأولى, أردن - عمان.

١٦. أبوديب, کمال ( ١٩٨٧ ), في الشعرية, مؤسسة الأبحاث العربية, الطبعة الأولى, بيروت.

١٧. الأدقى, محمد طاهر ( ٢٠١١ ), المبسط في العلوم البلاغة ( المعاني و البيان و البديع ), المكتبة العربية, بيروت.

١٨. الرواشدة, سامح ( د ) ( ١٩٩٩ ), قضاءات الشعرية, ( دراسة في ديوان أمل دنقل ), المركز القومي للنشر.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٩. الصعيدى, عبدالمتعال ( ١٩٩١ ), البلاغة العالية علم المعانى, مكتبة الأداب و مطبعتها بالجماميز, الطبعة الثانية.

٢٠. العطية, مختار ( د ) ( ٢٠٠٤ ), علم البديع ودلالات الأعتراض فى الشعر البحترى, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, الأسكندرية.

٢١. القزوينى, الشيخ الأمام الخطيب ( ٢٠٠٤ ), الأيضاح فى العلوم البلاغة, المكتبة العصرية للطباعة والنشر, بيروت.

٢٢. الهاشمى, السيد أحمد ( ٢٠٠٧ ), جواهر البلاغة, دارالمعرفة, الطبعة الثانية, بيروت ـ لبنان.

٢٣. سامى, سحر ( د ) ( ٢٠٠٥ ), شعرية النص الصوفى فى فتوحات المكية لمحى الدين بن عربى, هيئة المصرية العامة للكتب.

٢٤. شعيب, أبن عبدالله أحمد ( ٢٠٠٨ ), الميسر فى البلاغة العربية دروس وتمارين, دار أبن حزم, الطبعة الأولى, بيروت ـ لبنان.

٢٥. طودوروف, تزفيطان ( ١٩٩٠ ), الشعرية, ترجمة شكرى المبخود و رجاء بن سلامة, دار توبقال, ط٢, دار البيضاء.

٢٦. عتيق, عبدالعزيز ( د ) ( ١٩٨٥ ), علم البديع, دار النهضة العربية للطباعة والنشر, بيروت.

٢٧. عزالدين, حسن بنا (٢٠٠٣ ), الشعرية والثقافة, مركز الثقافى العربى, دارالبيضاء ـ المغريب, بيروت ـ لبنان.

٢٨. فيود, بسيونى عبدالفتاح ( د ) ( ٢٠١٠ ), علم المعانى, مؤسسة الموختار, الطبعة الثالثة, قاهرة.

٢٩. فيود, بسيونى عبدالفتاح ( د ) ( ٢٠١١ ), علم البيان دراسة تحليلية لمسائل البيان, مؤسسة الموختار للنشر والتوزيع, الطبعة الثالثة, القاهرة.

٣٠. كوهن, جان ( ١٩٨٦ ), بنية اللغة الشعرية, ترجمة محمد الولى و محمد العمرى, دار توبقال للنشر, الطبعة الأولى, المغريب.

٣١. كوين, جون ( ٢٠٠٠ ), النضرية الشعرية ـ بناء لغة الشعر اللغة العليا, الطبعة الرابعة, ترجمة أحمد درويش, دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع, القاهرة.

٣٢. لاشين, عبدالفتاح ( د ) ( ١٩٩٩ ), البديع فى ضوء أساليب القرأن, دارالفكر العربى, القاهرة.

٣٣. مطلوب, أحمد ( د ) ( ٢٠٠٧ ), معجم المصطلحات البلاغية و تطورها, مكتبة لبنان ناشرون, بيروت ـ لبنان.

٣٤. ياكوبسن, رومان ( ١٩٨١ ), قضايا الشعرية , ترجمة محمد الولى و محمد حنون , سلسلة المعرفة الأدبية , دار توبقال , الدارالبيضاء.

**سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی.**

٣٥. خان, ميرزا عبدالعظيم ( ١٣٠٨ ), كتاب البديع, چاپخانه فردوسى, چاپ دوم, طهران.

٣٦. رجائى, محمد خليل ( ١٣٥٣ ), معالم البلاغة در علم معانى و بيان و بديع, در چاپخانه دانشگاه پهلوى شيراز افست گرديد, چاپ دوم.

٣٧. شميسا, سيروس ( د ) ( ١٣٧٠ ), بيان, چاپخانه رامين, چاپ أول, تهران.

٣٨. شميسا, سيروس ( د ) ( ١٣٨٦ ), معانى, نشر ميترا, تهران.

**چوارەم: گۆڤار بەزمانی کوردی**

٣٩. ئەحمەدییان, جەمال ( ١٣٩٣ ), غەزەلە بڵاونەکراوەکانی مامۆستا ئەحمەدییان, گۆڤاری مەهاباد, ژمارە ( ١٦٠ ), ساڵی چوارده, مەهاباد.

٤٠. تۆدۆرۆف, تزڤیتان ( ١٣٨٠ ), بوتیقاو جوانی ناسی, و: تاهیر ئاهەنگەری, گۆڤاری فەرهەنگی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سروە, ساڵی حەڤدەهەم, ژمارە ( ١٨١ ), مهاباد.

٤١. عەبدوڵڵا, ئیدریس ( ٢٠٠٧ ), دەروازەیەک بەرەو جوانکاری, ئەکادیمیای کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان, ژمارە ( ٦ ), هەولێر.

پێنجەم: نامەی ئەکادیمی ماستەر.

٤٢. قادر, شێرزاد عەبدوڵڵا ( ٢٠١٤ ), لادان لە شیعری ( ڕەفیق سابیر )دا, نامەی ماستەر, سکوڵی زمان, فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان, زانکۆی سلێمانی, سلێمانی.

٤٣. شعيا, ڕۆكان گوريل ( ٢٠١٤ ), هونەرەكانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلكلۆری كوردیدا, نامەی ماستەر, سكوڵی زمان, فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان, زانكۆی سلێمانی, سلێمانی.

٤٤. عثمان, نوزت أحمد ( ١٩٩١ ), ڕونبێژی لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بەنموونەی مەلای جزیری و نالی, نامەی ماستەر, كۆلێژی ئاداب, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.

٤٥. علی, دنیا شەهاب ( ٢٠١٥ ), هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەكانی بێخود دا, نامەی ماستەر, كۆلێژی زمان, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.

٤٦. مەلازادە, ئامینە یاسین محەمەد ( ٢٠٢٠ ), جوانكاری لە شیعرەكانی ( سەلام )دا, نامەی ماستەر, كۆلێژی زمان, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.